# ئافرەتان لە پێمانی کۆن

(لە کیتابی پیرۆز)

# ئافرەتان لە پێمانی کۆن
**٢٠١٣**

کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودرووستی
هەولێر، کوردستان

Women of the Old Testament
2013

Regay Rastudrusty
Hawler, Kurdistan

Adapted from
Sorani Old Testament (draft)
Copyright © Biblica 2011

# ئافرەتان لە پێمانی کۆن

ئەی ژنەکان، بە هەمان شێوە ملکەچی مێردەکانتان بن، تەنانەت ئەگەر هەندێکیان گوێڕایەڵی وشەکەش نەبوون، ئەوا ژنەکان بێ وشە بە ڕەوشتیان دەیانبەنەوە، کاتێ خواترسی و ڕەوشتی پاکتان ببینن. با ڕازاوەییتان دەرەکی نەبێت، لە ئەگریجەی پرچ و زێڕ بەخۆوەکردن و جلی باش لەبەرکردن، بەڵکو لەناو دڵتان شاراوە و لەناونەچوو بێ، ڕازاندنەوەی ڕۆحێکی نەرم و هێمن، ئەوەی لەلای خودا گرانبەهایە. چونکە بەم شێوەیە ژنە پیرۆزەکان لە کۆندا، کە هیوایان بە خودا بوو، خۆیان دەڕازاندەوە، ملکەچی مێردەکانیان دەبوون، وەک سارا گوێڕایەڵی ئیبراهیم بوو، بە گەورە بانگی دەکرد. ئێوەش بوونەتە کچی ئەو، ئەگەر چاکە بکەن و لە شتێک نەترسن.

(ئنجیلی پیرۆز، ١ پەترۆس ٣: ١-٦)

# سارا و هاجەر

پەیدابوون ١١: ٢٩- ٣١

ئەبرام و ناحۆر هەردووکیان ژنیان هێنا. ژنەکەی ئەبرام ناوی (سارەی) بوو، ژنەکەی ناحۆریش ناوی (میلکە) بوو، ئەمیان کچی هارانی باوکی میلکە و (یسکە) بوو. سارەی نەزۆک بوو و منداڵی نەبوو.

تارەح ئەبرامی کوڕی و لۆتی کوڕەزای، کە کوڕی هاران بوو، لەگەڵ سارەیی بووکی، کە ژنی ئەبرامی کوڕی بوو، هەموویانی برد. پێکەوە لە ئووری کلدانییەکانەوە دەرچوون تا بڕۆن بۆ خاکی کەنعان، جا هاتنە (حاران) و لەوێ نیشتەجێ بوون.

پەیدابوون ١٢: ١-٥، ١٠- ٢٠ **خودا ئەبرام بانگ دەکات**

خوداوەند بە ئەبرامی فەرموو: (خاک و کەسوکار و ماڵی باوکت بەجێبهێڵە و بڕۆ بۆ ئەو خاکەی پیشانت دەدەم. (جا دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن و بەرەکەتدارت دەکەم و ناوت مەزن دەکەم و دەبیتە بەرەکەت. ئەوانەی داوای بەرەکەتت بۆ دەکەن بەرەکەتداریان دەکەم و نەفرەتیش لە نەفرەتکارانت دەکەم. هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بەهۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.)

ئیتر ئەبرام ڕۆیشت هەروەک خوداوەند پێی فەرموو، لۆتیش لەگەڵیدا ڕۆیشت. ئەبرام لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا بوو کە لە حاران دەرچوو. ئەبرام سارەیی ژنی و لۆتی برازای و هەموو ئەو دەستکەوتانەی دەستیان کەوتبوو، لەگەڵ ئەو کەسانەی لە حاران بەدەستیان هێنابوو، لەگەڵ خۆیدا بردنی، جا دەرچوون و بۆ خاکی کەنعان ڕۆیشتن.

**ئەبرام لە میسردا**

لەو کاتەدا برسییەتی لە زەوییەکەدا هەبوو، جا ئەبرام بەرەو خوار بۆوە بۆ (میسر) تاکو لەوێ بۆ ماوەیەک ئاوارە بێت، چونکە برسییەتییەکە زۆر سەخت بوو. کاتێکیش نزیکی ئەوە بوو بچێتە ناو میسرەوە، بە سارەی ژنی وت: (بە ڕاستی من دەزانم کەوا تۆ ژنێکی ڕوخسار جوانیت. جا کاتێک میسرییەکان دەتبینن، دەڵێن: "ئەمە ژنەکەیەتی." ئەوسا من دەکوژن و تۆ دەهێڵنەوە. بڵێ کە تۆ خوشکی منیت، بۆ ئەوەی بەهۆی تۆوە بە چاکی ڕەفتارم لەگەڵ بکەن، لەبەر تۆش گیانم بە زیندوویی دەمێنێتەوە.) کاتێک ئەبرام هاتە میسر، میسرییەکان بینییان کەوا ژنەکە زۆر جوانە. کە سەرانی (فیرعەون) بینییان، لەلای فیرعەون ستایشیان کرد، ئیتر ژنەیان بۆ ماڵی فیرعەون برد.

ئەویش بەهۆی ژنەکەوە بە باشی ڕەفتاری لەگەڵ ئەبرامدا کرد. ئیتر بووە خاوەنی مەڕ و مانگا و نێرەکەر و ماکەر و خزمەتکار و کارەکەر و وشتر. بەڵام خوداوەند لێدانی دەردی گەورەی لە فیرعەون و لە ماڵەکەی دا، بەهۆی سارەی ژنی ئەبرامەوە. ئیتر فیرعەون بەدوای ئەبرامدا ناردی و وتی: (ئەمە چییە تۆ بە منت کرد؟ بۆچی پێت ڕانەگەیاندم کە ئەو ژنی تۆیە؟ بۆچی وتت "ئەو خوشکمە"، تاکو بردم بۆ ئەوەی ببێتە ژنم؟ ئێستاش ئەوەتا ژنەکەت. بیبە و بڕۆ!) ئینجا فیرعەون هەندێک پیاوی بۆ ڕاسپارد. ئەوانیش لەگەڵ ژنەکەی و هەرچییەکی هەبوو بەڕێیان کرد.

**پەیدابوون ١٣ جیابوونەوەی ئەبرام و لۆت**

ئیتر ئەبرام خۆی و ژنەکەی و هەرچییەکی هەبوو، لەگەڵ لۆتدا لە میسرەوە بۆ نەگەڤ بەرەو ژوور بوونەوە. ئەبرام لە ئاژەڵی ماڵی و لە زیو و لە زێڕ زۆر دەوڵەمەند بوو.

**پەیدابوون ١٥: ١-٦**

دوای ئەم شتانە، لە بینیندا وشەی خوداوەند بۆ ئەبرام هات، فەرمووی: (مەترسە ئەی ئەبرام، من قاڵغانم بۆت، پاداشتت زۆر گەورەیە.) ئەبرامیش وتی: (ئەی خوداوەندی باڵادەست، چیم دەدەیتێ کە من هەروا وەجاغ کوێر بم و میراتگری ماڵم (ئەلیعەزەر)ی دیمەشقییە؟) هەروەها ئەبرام وتی: (ئەوەتا هیچ وەچەیەکت نەداومەتێ، ئەوەتا ئەوەی لە ماڵەکەم لەدایک بووە دەبێتە میراتگرم.) لەو کاتەدا وشەی خوداوەندی بۆ هات، فەرمووی: (ئەمە میراتگرت نابێت، بەڵکو ئەوەی لە هەناوتەوە دێتە دەرەوە ئەو دەبێتە میراتگرت.) ئینجا بردیە دەرەوە و فەرمووی: (سەیری ئاسمان بکە و ئەستێرەکان بژمێرە، ئەگەر دەتوانیت بیانژمێریت.) هەروەها پێی فەرموو: (نەوەکەت ئاوا دەبێت.) جا ئەبرام باوەڕی بە خوداوەند هێنا، ئەویش ئەمەی بە ڕاستودروستی بۆ دانا.

**پەیدابوون ١٦ هاجەر و ئیسماعیل**

سارەیی ژنی ئەبرام هیچ منداڵی بۆ ئەبرام نەبوو، بەڵام کەنیزەیەکی میسری هەبوو ناوی (هاجەر) بوو. ئینجا سارەی بە ئەبرامی وت: (ئەوەتا خوداوەند ڕێی منداڵبوونی لێ گرتووم. لەگەڵ کەنیزەکەمدا جووت بە، بەڵکو لەوەوە منداڵم بۆ ببێت.) ئەبرامیش بەقسەی سارەی کرد. ئینجا سارەی ژنی ئەبرام هاجەری میسری هێنا، ئەمەش پاش دە ساڵ بوو لە نیشتەجێبوونی ئەبرام لە خاکی کەنعاندا، دای بە ئەبرامی مێردی تا ببێت بە ژنی. ئیتر لەگەڵ هاجەردا جووت بوو، ئەویش سکی پڕ بوو. کاتێک کە زانی وا سکی هەیە، خانمەکەی خۆی لەبەرچاو سووک بوو. ئینجا سارەی بە ئەبرامی وت: (ئازارم لەسەر تۆ بێت. من کەنیزەکەی خۆمم خستە باوەشی تۆوە، ئێستاش کە زانی سکی هەیە، لەبەرچاویدا سووک بووم. با خوداوەند دادوەری نێوان من و تۆ بکات.)

ئەبرامیش بە سارەی وت: (ئەوەتا کەنیزەکەت لەبەر دەستی خۆت دایە، چیت پێ باشە وای لێبکە.) ئیتر سارەی هاجەری زەلیل کرد، ئەویش لە دەستی ڕایکرد. ئینجا فریشتەی خوداوەند هاجەری لەسەر کانییەک دۆزییەوە لە دەشتودەر. لەسەر ئەو کانییەی لە ڕێگای (شوور)ـە. فەرمووی: (ئەی هاجەری کەنیزەی سارەی، لەکوێوە هاتوویت و بۆ کوێ دەچیت؟) ئەویش وتی: (لە دەست سارەی خانمی خۆم ڕامکردووە.) فریشتەکەی خوداوەند پێی فەرموو: (بگەڕێوە لای خانمەکەت و ژێردەستەی بە.) هەروەها فریشتەکەی خوداوەند پێی فەرموو: (وەچەکانت بێئەندازە زۆر دەکەم کەوا لەبەر زۆرییان لە ژماردن نەیەن.) دیسان فریشتەکەی خوداوەند پێی فەرموو: (ئەوەتا سکت پڕە و کوڕێکت دەبێت و ناوی دەنێیت (ئیسماعیل)، چونکە خوداوەند گوێی لە زەلیلی تۆ بوو. ئەو مرۆڤێکی کەرە کێوی لێ دەردەچێت. دەستی لە دژی هەموو کەسێک دەبێت و دەستی هەموو کەسێکیش دژی ئەو. بەرامبەر هەموو براکانیشی نەیار دەبێت.)

ئینجا ئەم ناوەی لە خوداوەند نا کە لەگەڵیدا دووا، (تۆ ئەو خودایەی کە دەبینیت)، چونکە هاجەر وتی: (ئا لێرەشدا ئەوم بینی کە دەمبینێت.) لەبەر ئەمەشە کە ئەو بیرە بە (بیری لەحەی ڕۆئی) ناونراوە، ئەوەتا لەنێوان قادێش و (بەرەد)ـە. ئیتر هاجەر کوڕێکی بۆ ئەبرام بوو، ئەبرامیش ئەو کوڕەی خۆی کە لە هاجەر بوو ناونا ئیسماعیل. ئەبرام تەمەنی هەشتا و شەش ساڵ بوو کاتێک هاجەر ئیسماعیلی بۆ ئەبرام بوو.

پەیدابوون ١٧: ١-٥، ١٥- ٢٢ **پەیمانی خەتەنەکردن**

کاتێک ئەبرام تەمەنی نەوەد و نۆ ساڵ بوو، خوداوەند دەرکەوت بۆ ئەبرام و پێی فەرموو: (من خودای هەرە بە توانام، لەبەرچاومدا هاتوچۆ بکە و بێگلەیی بە. پەیمانی خۆم لەنێوان خۆم و تۆدا دەبەستم و زۆر زۆرت دەکەم.) ئەبرامیش بەسەر ڕوویدا کەوت، خوداش پێی فەرموو: (لەلایەنی منەوە، ئەمەش پەیمانەکەمە لەگەڵ تۆدا، تۆ دەبیتە باوکی چەندین نەتەوە. لەمەودواش ئیتر ناوت بە (ئەبرام) نابرێت، بەڵکو ناوت دەبێتە (ئیبراهیم)، چونکە من تۆم کردە باوکی چەندین نەتەوە.

هەروەها خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: (سارەی ژنیشت، ئیتر بە سارەی ناوی مەبە، بەڵکو ناوی دەبێت بە (سارا). بەرەکەتداری دەکەم و کوڕێکیشت لەوەوە پێ دەبەخشم. بەرەکەتداری دەکەم و چەندین نەتەوە و چەندین پاشای نەتەوەکان لەوەوە دەبن.) ئیبراهیم بەسەر ڕوویدا کەوت و پێکەنی و لە دڵی خۆیدا وتی: (ئایا پیاوێکی سەد ساڵە منداڵی دەبێت؟ ئایا سارا لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا منداڵی دەبێت؟) ئیبراهیم بە خودای وت: (خۆزگە ئیسماعیل لەبەردەم بەرەکەتی تۆدا ژیان بەسەر ببات.) ئینجا خوداش فەرمووی: (بەڵێ، بەڵام لە سارای ژنت کوڕێکت دەبێت، ناوی دەنێیت (ئیسحاق). پەیمانی خۆمی لەگەڵدا دەچەسپێنم، پەیمانێکی تاهەتایی بۆ وەچەکەی دوای خۆی. بۆ ئیسماعیلیش، گوێم لێت بوو، ئەوەتا بەرەکەتداری دەکەم و بەرداری دەکەم و زۆر زۆری دەکەم. دەبێتە باوکی دوازدە سەرۆک و دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن. بەڵام پەیمانەکەم لەگەڵ ئیسحاقدا دەچەسپێنم، کە ساڵێکی دیکە ئەم کاتە سارا بۆ تۆی دەبێت.) کاتێک خودا لە قسەکانی بۆوە لەگەڵی، خودا لەسەر ئیبراهیم بەرز بۆوە.

پەیدابوون ١٨: ١-٢، ٦، ٩-١٥ **سێ میوان**

ئینجا خوداوەند لەلای داربەڕوەکانی مەمرێ بۆ ئیبراهیم دەرکەوت، لەو کاتەدا کە لە گەرمای ڕۆژدا لە دەرکی چادرەکەیدا دانیشتبوو. جا سەری هەڵبڕی و بینی ئەوەتا سێ پیاو لە نزیکی وەستاون. ئیتر ئیبراهیم بە پەلە بەرەو چادرەکە چوو بۆ لای سارا و وتی: (خێرا سێ پێوانە ئاردی سفر بهێنە و بیشێلە و بیکە نانی برژاو.)

پاشان پێیان فەرموو: (کوا سارای ژنت؟) ئەویش وتی: (ئەوەتا لەناو چادرەکە دایە.) ئینجا خوداوەند فەرمووی: (بێگومان ساڵێکی دیکە ئەم کاتانە دێمەوە لات و سارای ژنیشت کوڕێکی بووە.) ساراش لە دەرگای چادرەکەی خۆیەوە کەوا لەپشتی ئەمەوە بوو، گوێی گرتبوو. ئیبراهیم و سارا دوو پیری بەساڵا چووبوون. ساراش تەمەنی منداڵبوونی بەسەر چووبوو. سارا لە دڵی خۆیدا پێکەنی و وتی: (ئایا دوای ئەوەی لە کەڵک کەوتووم و مێردەکەم پیر بووە، خۆشیم بۆ دەبێت؟) جا خوداوەند بە ئیبراهیمی فەرموو: (بۆچی سارا پێکەنی و وتی: "وا من پیر بووم، ئایا بە ڕاستی منداڵم دەبێت"؟ هیچ شتێک هەیە بۆ خوداوەند ئەستەم بێت؟ ساڵی داهاتوو لە کاتی دیاریکراو دێمەوە بۆ لات و ساراش کوڕێکی بووە.) سارا درۆی کرد و وتی: (پێنەکەنیم)، چونکە ترسا، بەڵام ئەو فەرمووی: (بەڵێ، پێکەنیت.)

### لەدایکبوونی ئیسحاق

خوداوەند بەو شێوەیەی فەرمووی سارای بەسەر کردەوە، خوداوەند چۆنی فەرموو ئاوای بۆ سارا کرد. ئینجا سارا لە پیرەمێردییێتی ئیبراهیمدا سکی پڕ بوو و منداڵێکی بۆی بوو، لەو کاتەی کە خودا پێی فەرموو. ئیبراهیم کوڕە لەدایکبووەکەی خۆی کە سارا بۆی ببوو ناوی لێنا (ئیسحاق). کاتێک ئیسحاقی کوڕی بووە هەشت ڕۆژ، ئیبراهیم خەتەنەی کرد، هەروەک چۆن خودا ڕایسپاردبوو. تەمەنی ئیبراهیم سەد ساڵ بوو کاتێک ئیسحاقی کوڕی بۆ لەدایک بوو.

سارا وتی: (خودا منی خستۆتە پێکەنین، هەر کەسێکیش ئەمە ببیستێت لەگەڵ مندا پێ دەکەنێت. هەروەها وتی: کێ بە ئیبراهیمی دەووت سارا شیر دەداتە منداڵان؟ چونکە لە پیرەمێردی ئەودا کوڕێکم بوو.)

### ئیبراهیم هاجەر و ئیسماعیل ڕەوانە دەکات

کوڕە گەورە بوو و لە شیر بڕایەوە. ئەو ڕۆژەش ئیسحاق لە شیر بڕایەوە، ئیبراهیم خوانێکی گەورەی ساز کرد. سارا کوڕەکەی هاجەری میسری بینی کە لە ئیبراهیم بوو، گاڵتەی دەکرد. جا بە ئیبراهیمی وت: (ئەم ژنە کۆیلەیە و کوڕەکەی دەربکە. چونکە کوڕی ئەم کۆیلەیە لەگەڵ کوڕەکەم، لەگەڵ ئیسحاقدا میراتگر نابێت.) لەبەر کوڕەکەی ئەم شتە لەلای ئیبراهیم زۆر ناڕەحەت بوو. جا خودا بە ئیبراهیمی فەرموو: (لات ناڕەحەت نەبێت لەبەر کوڕەکە و لەبەر کەنیزەکەت. هەرچی سارا پێت دەڵێت بە قسەی بکە، چونکە لە ئیسحاقەوە وەچەت ناودەبردرێت. هەروەها کوڕی کۆیلەکەش دەکەمە نەتەوە، چونکە وەچەی تۆیە.) بۆ سبەی بەیانی زوو ئیبراهیم لە خەو هەڵستا و نان و مەشکەیەک ئاوی هێنا و دای بە هاجەر. خستییە سەر شانی و لەگەڵ کوڕەکەدا ڕەوانەی کرد. ئەمیش ڕۆیشت و لە چۆڵەوانی (بیری شابەع)دا وێڵ بوو.

کە مەشکەکە ئاوی تێدا نەما، کوڕەکەی لەبن دەوەنێکدا دانا. ئینجا ڕۆیشت و لە دوورەوە لە دووری تیراوێژێک بەرامبەری دانیشت، چونکە وتی: (با مەرگی کوڕەکە نەبینم.) ئیتر بەرامبەری دانیشت و دەنگی بەرزکردەوە و گریا. خودا دەنگی کوڕەکەی بیست و فریشتەی خودا لە ئاسمانەوە هاجەری بانگکرد و پێی فەرموو: (چیتە هاجەر؟ مەترسە، خودا دەنگی کوڕەکەی بیست لەو شوێنەی لێی دانراوە. هەستە کوڕەکە هەڵبگرە و دەستت بەهێز بکە، چونکە دەیکەمە نەتەوەیەکی مەزن.) ئینجا خودا هەردوو چاوی هاجەری کردەوە و ئەویش بیرێکی ئاوی بەدی کرد. ئیتر ڕۆیشت و مەشکەکەی پڕ کرد لە ئاو و ئاوی دا بە کوڕەکە. خودا لەگەڵ کوڕەدا بوو و گەورە بوو و لە چۆڵیدا دەژیا، بووە تیرهاوێژ. لە (چۆڵەوانی پاران)دا نیشتەجێ بوو، دایکیشی لە خاکی میسر ژنێکی بۆ هێنا.

پەیدابوون ٢٣: ١-٢

### مردنی سارا

هەموو ساڵانی ژیانی سارا سەد و بیست و حەوت ساڵ بوو. ئینجا سارا لە (قیریەت ئەربەع) کە حەبرۆنە لە خاکی کەنعاندا مرد. ئیبراهیمیش هات تا بۆ سارا بلاوێتەوە و بەسەریدا بگرییێت.

# حەنا

١ ساموئێل ١ **لەدایکبوونی ساموئێل**

پیاوێک هەبوو لە (ڕاماتەیمی چوفییەکان) لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم، ناوی ئەلقانەی کوڕی (یەرۆحام)ی کوڕی (ئەلیهو)ی کوڕی (تۆحو)ی کوڕی چوفی ئەفراتی بوو. دوو ژنی هەبوو یەکێکیان ناوی (حەنا) و ئەوی دیکەیان ناوی (پەنینا) بوو، پەنینا منداڵی هەبوو، بەڵام حەنا منداڵی نەبوو.

ئەم پیاوە هەموو ساڵێک لە شارەکەیەوە دەڕۆیشت بۆ کڕنۆشبردن و سەربڕینی قوربانی بۆ خوداوەندی سوپاسالار لە شیلۆ و لەوێ دوو کوڕەکەی (عێلی) کاهینی خوداوەند بوون، کە یەکێکیان ناوی (حۆفنی) و ئەوی دیکەیان ناوی فینەحاس بوو. جا کە ڕۆژی ئەوە هات ئەلقانە قوربانی سەرببڕێت و بەشی پەنینای ژنی و هەموو کوڕ و کچەکانی بدات، بەڵام بە حەنا جووتێک بەشی دا، چونکە حەنای خۆشدەویست هەرچەندە خوداوەند منداڵدانی بەستبوو. هەوێکەشی بەردەوام پەستی دەکرد تا بێزاری بکات، چونکە خوداوەند وەجاخی کوێر کردبوو. جا وای دەکرد ساڵ لەدوای ساڵ هەر کاتێک حەنا بۆ ماڵی خوداوەند بڕۆیشتایە، هەوێکەی ئاوا پەستی دەکرد، بۆیە حەنا دەستی کرد بەگریان و نانی نەخوارد. جا ئەلقانەی مێردی پێی وت: (حەنا، بۆچی دەگریت و نان ناخۆیت؟ بۆچی دڵگرانیت؟ ئایا من لە دە کوڕ چاکتر نیم بۆت؟)

ئینجا حەنا دوای نانخواردن و دوای خواردنەوە لە شیلۆ هەڵستا، عێلی کاهینیش لەسەر کورسییەک لەلای چوارچێوەی دەرگای هەوارگەی خوداوەند دانیشتبوو. حەناش بە پەژارەوە نوێژی بۆ خوداوەند کرد و دایە پرمەی گریان و نەزرێکی کرد و وتی: (خوداوەندی سوپاسالار، ئەگەر بە ڕاستی تەماشای داماوی کارەکەرەکەت بکەیت و بەیادی خۆتم بهێنیتەوە و کارەکەرەکەت لەبیر نەکەیت و کوڕێک بە کارەکەرەکەت بدەیت، ئەوا من بە درێژایی ژیانی بە خوداوەندی دەدەم و گوێزان بەسەر سەریدا نایەت.)

ئەوە بوو کە لەبەردەم خوداوەند زۆر نوێژی کرد و عێلیش سەیری دەمی دەکرد، حەناش لە دڵی خۆیدا دەیووت و تەنها لێوەکانی دەجووڵانەوە و دەنگی نەدەبیسترا، عێلی وای زانی سەرخۆشە. جا پێی وت: (تا کەی سەرخۆش دەبیت؟ شەرابەکەت لە خۆت دوور بخەرەوە.) حەناش وەڵامی دایەوە و وتی: (نەخێر گەورەم، من ژنێکی ڕۆح تەنگم و شەراب و خواردنەوەی سەرخۆشبوونم نەخواردۆتەوە، بەڵکو دەردی دڵی خۆم لەبەردەم خوداوەند هەڵدەڕێژم. کارەکەرەکەت بە کچێکی بەدکار مەزانە، لەبەر خەم و خەفەتی زۆرم، تا ئێستا قسەم دەکرد.) عێلیش وەڵامی دایەوە و وتی: (بڕۆ بە سەلامەتی و با خودای ئیسرائیل ئەو داواکارییەت پێ بدات کە لێت داوا کردووە.) حەناش وتی: (با کەنیزەکەت لە چاوانت پەسەند بێت.) ئینجا حەنا بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت و نانی خوارد و خەم لە ڕووی ڕەوییەوە.

جا بەیانی زوو لە خەو هەڵستان و لەبەردەم خوداوەند کڕنۆشیان برد و گەڕانەوە و هاتن بۆ ماڵەکەی خۆیان لە ڕامە. ئینجا ئەلقانە لەگەڵ حەنای ژنیدا جووت بوو و خوداوەندیش بەیادی خۆی هێنایەوە. ئەوە بوو لەو ساڵەدا حەنا سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو و ناوی نا (ساموئێل)، وتی: (چونکە لە خوداوەند داوام کرد.)

**حەنا ساموئێل تەرخان دەکات**

ئینجا ئەلقانە و سەرجەم ماڵەکەی ڕۆیشتن بۆ سەربڕینی قوربانی بۆ خوداوەند، قوربانی ساڵانە و نەزرەکەی. بەڵام حەنا نەچوو و بە مێردەکەی وت: (پاش ئەوەی کوڕەکە لە شیر دەبڕێتەوە، دەیبەم تا لەبەردەم خوداوەند ببینرێت و تاهەتایە لەوێ بمێنێتەوە.)

ئەلقانەی مێردیشی پێی وت: (خۆت چی بە باش دەزانیت ئەوە بکە و بمێنەوە تا لە شیری دەبڕیتەوە، تەنها با

خوداوەند وشەی خۆی بچەسپێنێت.) جا حەنا مایەوە و شیری بە منداڵەکەی دا تا ئەو کاتەی لە شیری بڕییەوە.
پاش ئەوەی لە شیری بڕییەوە، لەگەڵ خۆی سەری خست لەگەڵ گایەکی سێ ساڵان و یەک ئێفە ئارد و مەشکەیەک شەراب و هێنای بۆ ماڵی خوداوەند لە شیلۆ، کوڕەکەش هێشتا منداڵ بوو. ئینجا گاکەیان سەربڕی و کوڕەکەیان هێنایە لای عێلی و وتی: (تکایە گەورەم! هەروەک لە ژیان دایت، گەورەم، من ئەو ژنەم کە لێرە لەلای تۆ وەستا و نوێژی بۆ خوداوەند کرد، لەبەر ئەم منداڵە نوێژم کرد و خوداوەندیش داواکارییەکەمی پێدام کە لێم داوا کرد. بۆیە منیش دەیدەمەوە بە خوداوەند، بۆ ئەوەی بە درێژایی ژیانی پەیوەست بێت بە خوداوەندەوە.)
بۆیە سامۆئیل لەوێ مایەوە و خوداوەندی پەرست.

**١ سامۆئیل ٢: ١-١١ و ١٨- ٢١ نوێژی حەنا**

حەنا نوێژی کرد و وتی: (دڵم بە خوداوەند شادە؛ سەرم بە خوداوەند بەرزە. پێکەنینم بە دوژمنەکانم دێت، لەبەر ئەوە شادومانم بە ڕزگارییەکەت. (کەس نییە پیرۆز وەک خوداوەند چونکە بێجگە لە تۆ کەس نییە و هیچ تاشە بەردێک نییە وەک خودامان. (بە لووتبەرزییەوە زۆر قسە مەکەن با قسەی زل لە دەمتان دەرنەچێت، چونکە خوداوەند خودایەکی بە ئاگایە بەوەوە کارەکان دەکێشرێن. (کەوانی پاڵەوانەکان تێکشکێنران و ئەوانەی ساتمەیان دەکرد هێزیان لەبەرکردووە. تێرەکان خۆیان بەکرێدا بۆ نان وبرسییەکانیش نانیان لەبەر مایەوە. نەزۆک حەوت منداڵی بوو و ئەوەی کوڕی زۆر بوو دڵتەنگ و بێهیوا بوو. (خوداوەند مرۆڤ دەمرێنێت و زیندووشی دەکاتەوە، بۆ جیهانی مردووانی شۆڕ دەکاتەوە و سەریشی دەخاتەوە. خوداوەند مرۆڤ هەژار و دەوڵەمەند دەکات، دای دەگرێت و بەرزیشی دەکاتەوە. هەژار لەناو خۆڵەوە هەڵدەستێنێتەوە دەست کورتیش لەناو تۆپەڵە خۆڵەمێش بەرز دەکاتەوە

تا لەگەڵ میران دایان نیشێنێت و تەختی شکۆمەنی بکات بە میراتیان. (چونکە کۆڵەگەکانی زەوی هی خوداوەندن جیهانی لەسەر داناوە. پێی خۆشەویستانی خۆی دەپارێزێت و بەدکارانیش لە تاریکیدا بێدەنگ دەبن. (چونکە مرۆڤ بە هێز زاڵ نابێت. نەیارانی خوداوەند تێکدەشکێنرێنلە ئاسمانەوە بەسەریاندا دەگرمێنێت.

خوداوەند حوکم بەسەر ئەوپەڕی زەویدا دەدات. (هێز بە پاشای خۆی دەدات سەری چەورکراوەکەی بەرز دەکاتەوە.) ئینجا ئەلقانە گەڕایەوە ڕامە بۆ ماڵی خۆی، بەڵام منداڵەکە خزمەتی خوداوەند دەکرد لەبەردەم عێلی کاهیندا.

بەڵام سامۆئیل هەر لە منداڵییەوە لەبەردەم خوداوەند خزمەتی دەکرد و ئێفۆدێکی کەتانی لەبەر بوو. دایکیشی ساڵ لە دوای ساڵ کەوایەکی بچووکی بۆ دروست دەکرد و کە لەگەڵ مێردەکەی دەڕۆیشت بۆ سەربڕینی قوربانی ساڵانە بۆی دەبرد. عێلیش بۆ ئەلقانە و ژنەکەی داوای بەرەکەتی کرد و وتی: (خوداوەند لەم ژنەوە وەچەت بۆ بخاتەوە لە جیاتی ئەوەی نوێژی بۆ کرد و بە خوداوەندی دا.) ئینجا چوونەوە بۆ شوێنەکەی خۆیان. جا کە خوداوەند حەنای بەسەر کردەوە، سکی پڕ بوو و سێ کوڕ و دوو کچی بوو، سامۆئیلی کوڕی لەبەردەم خوداوەندا گەورە بوو.

# ڕاووس

ڕاووس ١ **ناعۆمی و ڕاووس**

لە ڕۆژانی فەرمانڕەوایی دادوەرەکاندا، برسییەتییەک لەسەر زەوی ڕووی دا. لە بێتلەحمی یەهودایەوە پیاوێک خۆی و ژنەکەی و دوو کوڕەکەی کۆچیان کرد بۆ ئەوەی لە وڵاتی مۆئاب پەناهەندە بن. ناوی پیاوەکە (ئەلیمەلەک) بوو، ناوی ژنەکەشی (ناعۆمی) بوو، ناوی دوو کوڕەکەشی (مەحلۆن) و (کیلیۆن) بوو، ئەفراتی بوون لە بێتلەحمی یەهودا. ئیتر هاتن بۆ وڵاتی مۆئاب و لەوێ ژیان.

لەوێ ئەلیمەلەکی مێردی ناعۆمی مرد، ناعۆمی و دوو کوڕەکەی مانەوە و دوو ژنی مۆئابیان هێنا، یەکێکیان ناوی (عۆرپا) بوو ئەوەی دیکەیان (ڕاووس). لەوێ بۆ ماوەی دە ساڵ مانەوە. ئینجا مەحلۆن و کیلیۆن مردن، ئیتر ناعۆمی لە کوڕەکانی و مێردەکەی بوو. دوای ئەوەی ناعۆمی لە وڵاتی مۆئابدا بیستی کە خودا گەلەکەی خۆی بەسەر کردۆتەوە و نانی داوە پێیان، خۆی و بووکەکانی هەڵستان و وڵاتی مۆئابیان بەجێ هێشت. [٧] لەو شوێنەی کە لێی بوون لەگەڵ بووکەکانی چوونە دەرەوە تا بگەڕێنەوە خاکی یەهودا. ناعۆمی بە بووکەکانی وت: (هەریەکەتان بگەڕێتەوە بۆ ماڵی دایکی خۆی. خودا پاداشتی ئەو چاکەیەتان بداتەوە کە لەگەڵ مردووەکان و مندا کردتان. خودا بتانحەسێنێتەوە هەریەکە و لە ماڵی مێردی خۆی.)

ئینجا ماچی کردن و ئەوانیش بە دەنگی بەرز گریان. پێیان وت: (ئێمەش لەگەڵت دێین بۆ لای گەلەکەت.)

ناعۆمی وتی: (کچەکانم بگەڕێنەوە. بۆچی لەگەڵ من دێن؟ ئایا سکم کوڕی تێدا ماوە بۆ ئەوەی ببن بە مێردتان؟ بگەڕێنەوە و بڕۆن چونکە تازە پیر بووم تا شوو بکەمەوە. وا وتیشم ئەم شەو شووم کردووە بە پیاوێکی دیکە و چەند کوڕێکیشم بوو، ئایا چاوەڕێیان دەکەن تا گەورە دەبن؟ ئایا خۆتان دەبەستنەوە و شوو ناکەنەوە لەبەر ئەوان؟ نا کچەکانم. زۆر خەفەت دەخۆم بۆتان چونکە تازە خودا دەستی لە من شتووە).

ئینجا دیسان بە دەنگی بەرزەوە گریان. عۆرپا خەسووی ماچ کرد، بەڵام ڕاووس پێوەی نووسا. ناعۆمی وتی: (ئەوەتا عۆرپا گەڕایەوە بۆ لای گەلەکەی و خوداکانی. تۆش لەگەڵ عۆرپا بگەڕێرەوە. ڕاووس وتی: (زۆرم لێ مەکە بەجێت بهێڵم و وازت لێ بهێنم، چونکە بۆ کوێ بچیت دەچم و لە هەر کوێ بمێنیتەوە دەمێنمەوە. گەلی تۆ گەلی منە و خودای تۆ خودای منە. لەکوێ بمریت دەمرم و لەوێ بە خاک دەسپێردرێم. با <u>خوداوەند</u> وام بەسەر بهێنێت و لەمە زیاتریش. هەر مردن من لە تۆ جیا دەکاتەوە.) ئیتر کە بینی سوورە لەسەر ڕۆیشتن لەگەڵیدا، وازی لە دوواندنی هێنا.

ئینجا هەردووکیان ڕۆیشتن تاکو چوونە ناو بێتلەحم. کاتێک گەیشتنە بێتلەحم شارەکە هەمووی لەبەر ئەوان خرۆشا و وتیان: (ئایا ئەمە ناعۆمییە؟) ئەویش پێی وتن: (پێم مەڵێن "ناعۆمی" بەڵکو پێم بڵێن (موورە)، چونکە هەرە بە توانا ژیانی زۆر تاڵ کردم. من بە پڕی ڕۆیشتم و بە بەتاڵی خودا هێنامییەوە. بۆچی بە ناعۆمی بانگم دەکەن خۆ <u>خوداوەند</u> ڕیسوای کردم و هەرە بە توانا شکاندمیەوە؟) ئیتر ناعۆمی و ڕاووسی مۆئابی بووکی، لە وڵاتی مۆئابەوە هاتنەوە و لە سەرەتای دروێنەی جۆ چوونە ناو بێتلەحمەوە.

## چاوپێکەوتنی ڕاووس لەگەڵ بۆعەز

ناعۆمی خزمێکی مێردەکەی هەبوو پیاوماقوڵ بوو لە هەمان تیرەی ئەلیمەلەک ناوی (بۆعەز) بوو. ڕاووسی مۆئابی بە ناعۆمی وت: (بهێڵە با بچم بۆ کێڵگە و گوڵە جۆ هەڵبگرمەوە لەدوای هەر کەسێک لەگەڵم میهرەبان بێت.) ئەویش پێی وت: (کچم بچۆ.) ڕاووسیش ڕۆیشت و بەدوای درووێنەکەرەکاندا لە کێڵگەیەک گوڵە جۆی

هەڵگرتەوە. وا ڕێکەوت کێڵگەکە هی بۆعەز بوو کە لە تیرەی ئەلیمەلەک بوو. لەو کاتەدا بۆعەز لە بێتلەحمەوە هات و بە دروێنەکەرەکانی وت: (خوداوەند یارمەتیتان بدات.) ئەوانیش وتیان: (خوداوەند بەرەکەتدارت بکات.)
بۆعەز بە خزمەتکارەکەی وت کە کرابوو بە سەرکار بەسەر دروێنەکەرەکاندا: (ئەم کچە هی کێیە؟) ئەویش وەڵامی دایەوە: (کچێکی موئابییە لەگەڵ ناعۆمی لە وڵاتی مۆئابەوە هاتووە، [7] پێی وتین، "بهێڵن با لەنێو چەپکەکاندا گوڵە جۆ هەڵبگرمەوە و بەدوای دروێنەکەرەکاندا کۆبکەمەوە." ئیتر هات و لە بەیانییەوە تا ئێستا ماوەتەوە، تۆزێک نەبێت لە ژێر کەپەرەکەدا پشووی دا.)
بۆعەز بە ڕاووسی وت: (گوێ بگرە کچم. مەڕۆ بۆ کێڵگەیەکی دیکە بۆ هەڵگرتنەوە، بەڵکو لێرە بەلای کچە خزمەتکارەکانم. سەیری کێڵگەکە بکە لەکوێ دروێنە دەکەن شوێنیان بکەوە. بە خزمەتکارەکانم وتووە دەستت لێوە نەدەن. ئەگەر تینوو بوویت برۆ لە کوپەکان ئاو بخۆرەوە کە پیاوەکان ئاوی تێ دەکەن.) ڕاووس لەسەر ڕوو کەوت و کڕنۆشی برد بۆ سەر زەوی و پێی وت: (چۆنە لەبەرچاوی تۆ ڕەزامەندیم بە دەست هێنا لە کاتێکدا من بیانیم!)
بۆعەزیش وەڵامی دایەوە و پێی وت: (هەموو ئەوەی کە بۆ خەسوت کردووتە دوای مردنی پیاوەکەت، بە تەواوی پێم وتراوە، تەنانەت وازت لە دایک و باوک و ئەو خاکەی لێی لەدایک بوویت هێناوە و هاتیت بۆ لای گەلێک کە پێشتر نەتناسیون. خوداوەند پاداشتی ئەم کارەت بداتەوە، با خەڵاتت بە تەواوی بێت لەلای خوداوەند خودای ئیسرائیل ئەوەی کە هاتوویت تا پەنا ببەیتە ژێر باڵەکانی.)
ئەویش وتی: (گەورەم با بەردەوام لەبەرچاوت ڕەزامەندی بە دەست بهێنم، چونکە دڵت دامەوە و دڵی کچە خزمەتکارەکەت خۆش کرد، تەنانەت وەکو یەکێکیش لە کەچە خزمەتکارەکانت نیم.) لە کاتی نانخواردندا بۆعەز پێی وت: (وەرە پێشەوە بۆ ئێرە و نان بخۆ و پاروەکەت بکە بە سرکەکەدا.) ئەویش لەلای دروێنەکەرەکانەوە دانیشت و بۆعەزیش جۆی برژاوی پێ دا، ئیتر خواردی و تێر بوو و لێشی مایەوە. ئینجا هەڵستا بۆ ئەوەی جۆ هەڵبگرێتەوە. بۆعەز فەرمانی دا بە پیاوەکانی: (لێی گەڕێن با لەنێو دەسکەکانیش جۆ هەڵبگرێتەوە و ئەزێتی مەدەن، لە دەسکەکانیش بۆی دەربهێنن. لێی گەڕێن با هەڵی بگرێتەوە و قسەی پێ مەڵێن.)
ئەویش هەڵی‌گرتەوە تا ئێوارە، ئەوەی هەڵی‌گرتبۆوە تێکەڵاوی کرد و نزیکەی ئێفەیەک جۆ بوو. جا هەڵی‌گرت و گەڕایەوە ناو شار. خەسووی چاوی کەوت بەوەی هەڵی‌گرتبۆوە، ئەوەش کە لێی مابۆوە دوای تێربوونی خۆی دەریهێنا و دای پێی. خەسوشی پێی وت: (ئەمڕۆ لەکوێ هەڵت‌گرتەوە و لەکوێ ئیشت کرد؟ با بەرەکەتدار بێت ئەو کەسەی کە چاوی لێتە.)
ئەویش باسی ئەو کەسەی بۆ خەسووی کرد کە ئیشی لەگەڵدا کردووە وتی: (ناوی ئەو پیاوەی کە ئەمڕۆ ئیشم لەگەڵدا کردووە بۆعەزە.) ناعۆمیش بە بووکەکەی وت: (ئەو بەرەکەتدارە لەلایەن خوداوەندەوە ئەوەی زیندووان و مردووانی بێ‌بەش نەکردوە لە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەی.) ئینجا ناعۆمی پێی وت: (ئەو پیاوە یەکێکە لە خزم کڕەرەوەکانمان.) ڕاووسی مۆئابیش وتی: (هەروەها پێی وتم لەگەڵ خزمەتکارەکانمدا بمێنەوە تاکو هەموو دروێنەکەم تەواو دەکەن.) ناعۆمیش بە ڕاووسی بووکی وت: (وا چاکە کچم لەگەڵ کچە خزمەتکارەکانیدا بچیتە دەرەوە نەکات لە کێڵگەیەکی دیکە ئەزێتت بدەن.) ئەویش لەگەڵ کچە خزمەتکارەکانی بۆعەزدا لە هەڵگرتنەوە مایەوە تا وەکو دروێنەی جۆ و دروێنەی گەنم تەواو بوو، لەگەڵ خەسوویدا ژیا.

### ڕاووس و بۆعەز لە خەرمانەکەدا

ناعۆمی خەسووی پێی وت: (کچم ئایا پێویست نییە هەوڵ بدەم بۆ حەوانەوەت کە خێری تۆی تێدابێت؟ بۆعەز ئەوەی کە لەگەڵ کەچە خزمەتکارەکانی بوویت خزممانە و ئەوەتا ئەم شەو لە خەرمانەکە شەنی جۆ دەکات. خۆت

بشۆ و بۆن لە خۆت بدە و خۆت بگۆڕە و دابەزە بۆ خەرمانەکە بەڵام خۆت دەرمەخە لەلای پیاوەکە تاکو لە خواردن و خواردنەوە دەبێتەوە. هەر کە پاڵکەوت، بزانە شوێنی پاڵکەوتنەکەی کوێیە. بڕۆ لای پێی هەڵبدەوە و پاڵ بکەوە، ئیتر خۆی پێت دەڵێت چی بکەیت.)

ئەویش پێی وت: (هەرچیەکت وت دەیکەم.) ئیتر دابەزیە خەرمانەکە و هەموو ئەوەی کە خەسووی فەرمانی پێ‌دا کردی. بۆعەز خواردی و خواردییەوە و دڵی خۆش بوو و چووە ژوورەوە بۆ ئەوەی لە قەراغی گەنمە کۆکراوەکەدا پاڵ بکەوێت. ئەویش بەدزییەوە چووە ژوورەوە و لای پێیەکانی بۆعەزی هەڵدایەوە و پاڵکەوت. لە نیوەشەودا بۆعەز پەشۆکا، ئاوڕی دایەوە تەماشای کرد ژنێک لەلای پێیەوە پاڵکەوتووە. وتی: (تۆ کێیت؟)

ئەویش وتی: (من ڕاووسی کارەکەرتم. سوچی کراسەکەت بدە بەسەر خزمەتکارەکەتدا چونکە تۆ کڕەرەوەی منیت.) ئەویش وتی: (با تۆ لەلایەن خوداوەندەوە بەرەکەتدار ببیت کچەکەم، چونکە ئەم چاکەیەی دواییت زیاترە لەوەی یەکەم جارت، چونکە هەوڵت نەداوە شوێن لاوان بکەویت، هەژار بن یان دەوڵەمەند. ئێستاش کچی خۆم مەترسە. هەرچییەک بڵێیت بۆت دەکەم، چونکە هەموو پیاوماقوڵانی گەلەکەم دەزانن کەوا تۆ ژنێکی ڕەوشت بەرزیت. ئێستاش ڕاستە من خزمم بەڵام خزم کڕەرەوەیەکی دیکە هەیە کە لە من پێشترە. ئەمشەو بخەوە، بەیانی ئەگەر ئەو خزمە هەڵستا بە مافی پێشینەیی خزمایەتی ئەوا باشە، با بەجێی بهێنێت، ئەگەر نەیویست مافی پێشینەیی خزمایەتی بەجێ بهێنێت، ئەوا من بەجێی دەهێنم، بە خوداوەندی زیندوو! پاڵ بکەوە تا بەیانی.)

ئەویش لەلای پێیەوە نوست تا بەیانی، ئینجا پێش ئەوەی کەس بتوانێت هاوەڵەکەی بناسێتەوە، لە خەو هەڵستا. بۆعەز وتی: (کەس نازانێت کەوا ژنێک هاتووە بۆ خەرمانەکە.) ئینجا بۆعەز بە ڕاووسی وت: (چارۆکەکەی بەرت بهێنە و بیگرەوە.) ئەویش گرتییەوە و بۆعەزیش شەش پێوانەی لە جۆ کێشا و خستییە سەری ئینجا چووە ناو شارەکەوە.

ڕاووسیش کە هات بۆ لای خەسووی، خەسووی لێی پرسی: (کچم چیت کرد؟) ئەویش بۆعەز هەرچیەکی بۆ کرد بۆی گێڕایەوە. وتی: (ئەم شەش پێوانە جۆیە ئەو دایمێ چونکە وتی، "بە دەست بەتاڵی مەچۆ بۆ لای خەسووت.") ئینجا ناعۆمی وتی: (کچم دابنیشە تا وەکو بزانیت کارەکە چی لێ دێت. چونکە پیاوەکە هێوور نابێتەوە تا ئەمڕۆ کارەکە تەواو نەکات.)

## بۆعەز ڕاووس لە خۆی مارە دەکات

بۆعەز سەرکەوت بۆ دەروازەی شارەکە و لەوێ دانیشت. ئەوە بوو ئەو خزم کڕەرەوەی کە بۆعەز باسی کرد لەوێوە تێپەڕی. بۆعەزیش وتی (خزمە لا بدە و لێرە دابنیشە.) ئەویش لای دا و دانیشت. ئینجا بۆعەز دە پیاوی لە پیرانی شارەکە برد و پێی وتن: (لێرە دابنیشن.) ئەوانیش دانیشتن. ئینجا بە خزم کڕەرەوەکەی وت: (ناعۆمی کە لە وڵاتی مۆئاب گەڕاوەتەوە، پارچە زەوییەکی هەیە کە هی ئەلیمەلەکی برامانە دەیفرۆشێت. منیش پێت دەڵێم لەبەردەمی دانیشتووان و لەبەردەمی پیرانی گەلەکەم بیکڕە. ئیتر ئەگەر دەیکڕیتەوە بیکڕەوە و ئەگەر نایکڕیتەوە ئەوا پێم بڵێ با بزانم. چونکە تۆ لەپێشتریت بۆ کڕینەوەی، دوای تۆ من.) ئەویش وتی: (دەیکڕمەوە.)

بۆعەزیش وتی: (ئەو ڕۆژەی زەوییەکە لە دەستی ناعۆمی دەکڕیتەوە هەروەها لە دەستی ڕاووسی مۆئابی کە ژنی مردووەکەیە، ڕاووسیش مارە دەکەیت، بۆ ئەوەی میراتەکە بە ناوی مردووەکەوە بکەیت.) خزم کڕەرەوەکەش وتی: (ناتوانم بیکڕمەوە بۆ خۆم، نەکات میراتی خۆم تێک بدەم. جا تۆ خۆت بیکڕەوە، چونکە من ناتوانم بیکڕمەوە.) وا باو بوو لە ئیسرائیلدا لە بابەتی مافی کڕینەوە و گۆڕینەوە بۆ سەلماندنی ئەنجامدانی هەموو کارێک، کە کابرا سۆلەکەی دابکەنێت و بیدات بە هاوڕێکەی. ئیتر ئەمە وا نەریت بوو لە ئیسرائیلدا.

جا خزم کڕەرەوەکە بە بۆعەزی وت (بۆ خۆت بیکڕە) و سۆلەکەی داکەند. بۆعەزیش بە پیرەکان و هەموو

گەلەکەی وت: (ئێوە ئەمڕۆ شایەتن کەوا من هەرچییەک هی ئەلیمەلەک و هەرچییەک هی کیلیۆن و مەحلۆن بوو لە دەستی ناعۆمی کڕیمەوە. هەروەها ڕاووسی مۆئابی ژنی مەحلۆنیشم لە خۆم مارە کرد تا ببێت بە ژنم بۆ ئەوەی میراتەکە بە ناوی مردووەکەوە بکەم و ناوی مردووەکە کوێر نەبێتەوە لەنێو گەلەکەی و جێ‌وشوێنی بزر نەبێت. ئێوە ئەمڕۆ شایەتن!)

هەموو خەڵکەکە و پیرەکان کە لەناو دەروازەکە دانیشتبوون وتیان: (ئێمە شایەتین. خوداوەند ئەو ژنەی کە دێتە ماڵەکەت وەکو ڕاحیل و لێئە لێ بکات کە بنەماڵەی ئیسرائیلیان دروستکرد. ئیتر سەرکەوتوو بیت لە (ئەفراتە) و ناودار بیت لە بێت‌لەحم. هەروەها ماڵەکەت و ئەو وەچەیەی خوداوەند دەتداتێ لەم ئافرەتە وەکو ماڵی پێریز بێت ئەوەی تامار لەدایک بوو بۆ یەهودا.)

## بنەچەی داود

ئیتر بۆعەز ڕاووسی هێنا و گواستییەوە و خوداوەندیش سکی دا پێی و کوڕێکی بوو. ژنان بە ناعۆمییان وت: (ستایش بۆ ئەو خوداوەندەی ئەمڕۆ بێ خزم کڕەرەوەی نەکردیت بۆ ئەوەی لە ئیسرائیلدا ناوی بهێنرێت. دەبێت بە تازەکەرەوەی دەروونت و بەخێوت دەکات لە پیریتدا. چونکە لە بووکەکەت بووە کە خۆشی‌ویستیت و ئەو لە حەوت کوڕ باشترە بۆت.)

ناعۆمیش کوڕەکەی هەڵگرت و لەباوەشی کرد و بوو بە دایەنی. ژنە دراوسێکان وتیان (کوڕێک لەدایک بوو بۆ ناعۆمی) و ناویان لێنا (عوبێد)، کە باوکی (یەسا)ی باوکی (داود) بوو. ئەمانەش نەوەکانی پێریزن: پێریز باوکی حەسرون بوو. حەسرون باوکی (ڕام)ـە و ڕام باوکی عەممینادابە. عەمیناداب باوکی نەحشۆنە و نەحشۆن باوکی (سەلمۆن)ـە. سەلمۆن باوکی بۆعەزە و بۆعەز باوکی عوبێدە. عوبێدیش باوکی یەسایە و یەساش باوکی داودە.

# دەڤۆرا

دادوەران ٤

دوای مردنی ئێهود نەوەی ئیسرائیل دەستیان کردەوە بە بەدکاری لەبەرچاوی خوداوەند، خوداوەندیش فرۆشتنی بە دەستی یاڤینی پاشای کەنعان ئەوەی لە حاچۆر فەرمانڕەوا بوو. (سیسرا) سەرکردەی سوپاکەی بوو کە لە (حەرۆشەت هەگۆیم) دەژیا. چونکە نۆ سەد گالیسکەی ئاسنی هەبوو، بۆ ماوەی بیست ساڵ بە توندی زوڵم و زۆری لە نەوەی ئیسرائیل دەکرد. ئیتر نەوەی ئیسرائیل هاواریان کرد بۆ خوداوەند.

دەڤۆراش پێغەمبەرێکی ژن بوو، ژنی (لەپیدۆت) بوو و لەو کاتەدا دادوەری ئیسرائیلی دەکرد. لە ژێر (دارخورمای دەڤۆرا) بۆ دادپرسی دادەنیشت کە لەنێوان ڕامە و بێتئێل لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەفرایم بوو، نەوەی ئیسرائیل بۆ حوکمدان دەهاتن بۆ لای. جا ناردی بەدوای (باراک)ی کوڕی (ئەڤینۆعەم) کە لە قەدەشی نەفتالی بوو و پێی وت: ( خوداوەند، خودای ئیسرائیل فەرمانت پێدەکات، "بەرەو پێش بڕۆ بۆ (کێوی تاڤۆر)، دە هەزار پیاو لە ڕۆڵەکانی نەفتالی و لە کوڕانی زەبولون لەگەڵ خۆتدا بەرە. ئیتر سیسرای سەرکردەی لەشکری یاڤین فریو دەدەم بۆ (ڕووباری قیشۆن) بەخۆی و گالیسکە و لەشکرەکەیەوە و دەیخەمە ژێر دەستتەوە.")

باراکیش پێی وت: (ئەگەر لەگەڵمدا بێیت دەچم، ئەگەر لەگەڵمدا نەیەیت ئەوا ناچم.) دەڤۆراش وتی: (بێگومان لەگەڵتدا دێم، بەڵام شکۆمەندیت بۆ نابێت لەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆیت، چونکە خوداوەند سیسرا دەداتە دەستی ژنێک.) ئیتر دەڤۆرا هەڵستا و لەگەڵ باراکدا ڕۆیشت بۆ قەدەش. باراک زەبولونییەکان و نەفتالییەکانی بانگکرد بۆ قەدەش و سەرکەوت و دە هەزار پیاوی لەگەڵدا بوو و هەروەها دەڤۆراش لەگەڵیدا سەرکەوت.

حەڤەری قێنی خۆی جیاکردبۆوە لە قێنییەکان کە نەوەی حۆڤاڤ بوون، کە حۆڤاڤ ژن برای موسا بوو، چادرەکەی لەلای داربەڕوویەکی گەورە لە چەعەنەنیم نزیک قەدەشەوە هەڵدابوو. ئەوە بوو بە سیسرایان وت کەوا باراکی کوڕی ئەڤینۆعەم سەرکەوتووە بۆ کێوی تاڤۆر. سیسراش هەموو گالیسکەکانی بانگکرد، نۆ سەد گالیسکەی ئاسن و هەموو ئەو پیاوانەی کە لەگەڵیدا بوون لە حەرۆشەت هەگۆیمەوە تا ڕووباری قیشۆن.

دەڤۆرا بە باراکی وت: (هەستە، چونکە ئەمە ئەو ڕۆژەیەکە خوداوەند سیسرای تێیدا خستۆتە ژێر دەستت. ئایا خوداوەند پێشت نەکەوتووە؟) ئیتر باراکیش لە کێوی تاڤۆرەوە هاتە خوارەوە و دە هەزار پیاویش بەدوایەوە. خوداوەندیش سەری لە سیسرا و هەموو گالیسکەکان و هەموو لەشکرەکەی بە نووکی شمشێر لەبەردەمی باراکدا شێواند، ئینجا سیسرا لە گالیسکەکە دابەزی و بە پێ ڕایکرد. باراکیش دوای گالیسکەکان و لەشکرەکە کەوت بۆ حەرۆشەت هەگۆیم و هەموو لەشکرەکەی سیسرا بە نووکی شمشێر کەوتن، کەسیان نەما.

بەڵام سیسرا بە پێ ڕایکرد بۆ چادری (یاعێل)ی ژنی حەڤەری قێنی، چونکە پەیوەندییەکی ئاشتیانە لەنێوان یاڤینی پاشای حاچۆر وماڵی حەڤەری قێنی هەبوو. یاعێل چووە دەرەوە بۆ پێشوازی سیسرا و پێی وت: (لا بدە گەورەم، لا بدە بۆ ئێرە مەترسە.) ئەویش لای دا بۆ لای چادرەکە و ئیتر بە جاجم داپۆشی. پێی وت: (تۆزێک ئاوم بدەرێ، چونکە تینوومە.) ئەویش مەشکەی شیرەکەی کردەوە و پێی دا و ئینجا کوللەکەی داپۆشییەوە. ئیتر پێی وت: (لەبەردەم چادرەکە بوەستە، ئەگەر یەکێک هات و پرسیاری لێکردیت، "ئایا لێرە پیاوی لێیە،" تۆش بڵی "نەخێر.")

بەڵام یاعێلی ژنی حەڤەر سنگی چادرەکەی هەڵگرت و چەکوشیش بە دەستیەوە، بە شێنەیی بۆی چوو و کێشای بە لاجانیدا و بە زەوییەکەدا خستی، ئەویش لە خەوێکی قووڵدا بوو، چونکە ماندوو بوو، ئیتر مرد. لە کاتێکدا باراک دوای سیسرا کەوتبوو، یاعێل چووە دەرەوە بۆ پێشوازیکردنی و پێی وت: (وەرە با ئەو پیاوەت پیشان بدەم کە

تۆ بە دوای‌دا دەگەڕێیت.) ئەویش هات بۆ لای و بینی سیسرا بە مردوێتی کەوتووە و سنگی چادرەکە لەناو لاجانییەتی. خوداش لەو ڕۆژەدا یاڤینی پاشای کەنعانی لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل‌دا زەلیل کرد. نەوەی ئیسرائیل باڵادەست بوون و زاڵ بوون بەسەر یاڤینی پاشای کەنعان تا یاڤینی پاشای کەنعانیان لەناوبرد.

دادوەران ٥ **گۆرانی دەڤۆرا**

ئینجا دەڤۆرا و باراکی کوڕی ئەڤینۆعەم لەو ڕۆژەدا دەستیان کرد بە گۆرانی و وتیان: (لە پێناوی پێشەوای پێشەوایان لە ئیسرائیل و لە پێناوی ئەوەی گەل خۆبەختکەرانە خۆی پێشکەش‌کرد، ستایشی خوداوەند بکەن! (ببیستن ئەی پاشایان و گوێ بگرن ئەی فەرمانڕەواکان! من بۆ خوداوەند گۆرانی دەڵێم، مۆسیقا بۆ خوداوەند خودای ئیسرائیل لێ دەدەم.

(ئەی خوداوەند بە دەرچوونت لە سێعیر، بە بەرەوپێش‌چوونت لە خاکی ئەدۆم، زەوی لەرزی، ئاسمانیش دڵۆپەی کرد، هەروەها هەورەکانیش ئاویان لێ باری. چیاکان هەرەسیان هێنا لە ڕووی خوداوەند، (ئەم سینایە)ش لەڕووی خوداوەند خودای ئیسرائیل.

(لە ڕۆژانی شەمگەری کوڕی عەنات، لە ڕۆژانی یاعێل ڕێگا سەرەکییەکان وازلێهێران و ڕێبوارەکان بە ڕێڕەوی خواروخێچ ڕۆیشتن. جووتیاران لە ئیسرائیل وەستان، وەستان تاکو من کە دەڤۆرام هەڵستام، هەڵستام وەک دایکێک لە ئیسرائیل. خودای نوێیان هەڵبژارد، ئینجا شەڕ لە دەروازەکان بوو. ئایا هیچ قەڵغانێک یان ڕمێک لەنێو چل هەزاردا دەبینرا لە ئیسرائیل؟ دڵم لەگەڵ سەرکردەکانی ئیسرائیلە ئەوانەی خۆبەختکەرانە خۆیان پێشکەش‌کرد لەگەڵ گەل، ستایشی خوداوەند بکەن!

(ئەی ئەوانەی سواری ماکەری سپی بوون، دانیشتوو لەسەر پێخەفی زین و ئەوانەی ڕێتان گرتۆتە بەر، گوێ بگرن .لە دەنگی گۆرانی بێژان لەلای حەوزەکان، لەوێ بە کردەوە ڕاستودروستەکانی خوداوەندیان هەڵدا، کردەوە ڕاستودروستەکانی جووتیارانی ئیسرائیل. (ئینجا گەلی خوداوەند بەرەو دەروازەکان ڕۆیشتن. "هەستە، هەستە ئەی دەڤۆرا! هەستە، هەستە، گۆرانی بڵێ! هەستە ئەی باراک! ڕاپێچەکەت ڕاپێچ بکە ئەی کوڕی ئەڤینۆعەم."

(ئینجا پاشماوەی گەل هاتنە خوارەوە بۆ لای بەگزادەکان، گەلی خوداوەند بۆ لام هاتنە خوارەوە، لەگەڵ جەنگاوەرەکان. هەندێکیان لە ئەفرایمەوە هاتن، ئەوانەی بارەگایان لەنێو عەمالێقە، لە دواتەوەن، نەوەی بنیامین لەگەڵ گەلەکەت. لە ماکیرەوە سەرکردەکان دابەزین و لە زەبولونەوە ئەوانەی داردەستی پێشەوایان بەدەستەوەیە. سەرۆکەکانی یەساکر لەگەڵ دەڤۆرا هاتن و نەوەی یەساکر لەگەڵ باراک بەرەو دۆڵەکە بە پەلە بە دوای‌دا دەرچوون.

لەنێو خێڵەکانی ڕەئوبێن دڵەڕاوکێیەکی زۆر هەبوو. بۆچی لەنێو پەرژینەکان دانیشتبوویت، بۆ گوێگرتن لە دەنگی بلوێرلێدان بۆ مێگەلەکان؟ لەنێو خێڵەکانی ڕەئوبێن دڵەڕاوکێیەکی زۆر هەبوو. گلعاد لەوبەری ڕووباری ئوردون مایەوە، بۆچی دان لەلای کەشتییەکان چاوەڕێی دەکرد؟ ئەشیریش لەلای کەناری دەریا دانیشتوو و لە بەندەرەکانی مایەوە. زەبولون گەلێکە گیان لەسەر دەست لەگەڵ نەفتالی لە بەرزایەکانی گۆڕەپانی جەنگ.

(پاشایان هاتن و جەنگین، ئینجا پاشایانی کەنعان جەنگین لە تەعنەک لەلای ئاوی مەگیدۆ، هەندێک زیویشیان دەستنەکەوت. ئەستێرەکان لە ئاسمانەوە جەنگین، لە خولگەکانی خۆیانەوە جەنگین دژ بە سیسرا. ڕووباری قیشۆن ڕای‌ماڵین، ڕووباری قیشۆن، ڕووباری دێرینە. ئەی گیانی من بەسەر بەرزییەوە پێ دابگرە! ئینجا سمی پاژنەی ئەسپەکان دەنگە و دەنگەیان دەدا، لە غاردانی ئەسپی بەهێزەکانی. فریشتەی خوداوەند وتی: "نەفرەت لە (مێرۆز) بکەن، بە توندی نەفرەت لە دانیشتووانی بکەن، چونکە نەهاتن بۆ یارمەتیدانی خوداوەند، یارمەتیدانی خوداوەند دژ بە پاڵەوانان."

(بەرەکەتدار بێت لەنێو ئافرەتان، یاعێلی ژنی حەڤەری قێنی، بەرەکەتدار بێت لەناو هەموو ئەو ئافرەتانەی چادرنشینن.

داوای ئاوی کرد شیری پێ دا، لەناو کاسەی ناسراوان، سەرشیری بۆ هێنا. دەستی درێژ کرد بۆ سنگی چادرەکە و دەستە ڕاستەی بۆ چەکوش. لە سیسرای دا و سەری شکاند، کاسە سەریووردوخاش کرد و لاجانی کون کرد.

لەبەر پێیەکانی ڕۆچوو، کەوت، ڕاکشا لەبەر پێیەکانی ڕۆچوو، کەوت لەکوێ ڕۆچوو، لەوێ کەوت، شێوێندراو.

(دایکی سیسرا لە پەنجەرەوە تەماشای کرد و لە تەیمانەیەوە دەستی بە شیوەن کرد. "بۆچی گالیسکەکانی لە هاتن دواکەوتن؟ بۆچی دەنگی ناڵی وڵاخەکانی گالیسکەکانی دواکەوتن؟" ئینجا داناترین لەناو شازادەکانی وەڵامی دایەوە، بەڵکو خۆی بوو وەڵامی خۆی دایەوە: "ئایا دەستکەوتێکیان دەست نەکەوتووە و بەشی ناکەن، کیژێک یان دووان بۆ هەر پیاوێک، تاڵانکردنی جلی ڕەنگکراو بۆ سیسرا. جلی ڕەنگکراو و نەخشێنراو، جلی نەخشێنراو لە هەردوو ڕوو بۆ گەردنم - هەمووی وەک تاڵانی؟" (ئاوا هەموو دوژمنانت لەناودەچن ئەی <u>خوداوەند</u>! بەڵام با خۆشەویستانیشت وەک خۆر بن لە کاتی هەڵاتن لە بەهێزیدا.)

ئینجا خاکەکە چل ساڵ پشووی دا.